

فایل

FILE

# نێودەوڵەتی



# له ولایەته یەکگرتووەکانی ئەمریکا ساڵانه حەوت ملیۆن ژن و کچ بازرگانیان پێوه دەکرێ

## ئاماره نێودەوڵەتییەکان سەبارەت به بارودۆخی مافەکانی ژنان له جیهاندا

ئامادەکردن و وەرگێڕانی: هۆشەنگ دارا

IDEA DEPLOMATIC

لەم بابەتەدا بارودۆخی ژنان له وڵاته جیاجیاکانی جیهان به پێی ئامار دەخرێتەڕوو. ئەم ئامارانه ئاماری ڕەسمی نێودەوڵەتی نەتەوه یەکگرتووەکان و لێکۆڵینەوەی زانکۆ ئەمریکییەکان و ناوەندەکانی ئاماری وڵاتانه. له ڕاپۆرته ژمارەییەکەدا زۆر به ڕوونی و به گوێرەی داتاکان ڕەوشی مافەکانی ئافرەت وەک بەشێک له مافەکانی مرۆڤ دەردەکەوێت. هۆکارەکان بۆ بارودۆخەکان زۆر و جیاواز و فره ڕەهەندن، که سەرجەمی فاکتەره سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵیان تیادا هەیه. لێرەدا لێدەگەڕێین که تەنها ئامار و داتاکان بدوێن و له شرۆڤکارییەکانیش دەگەڕێین.

وڵاتانی تازەگەشەکردو: به پێی لێکۆڵینەوەکانی زانکۆی هارڤارد، ژنان دوو بەرابەری پیاوان دوچاری شڵەژانه دەرونییەکان دەبن و ئەمەش به پلەی یەکەم هۆکارەکەی دەگەڕێتەوه بۆ بەکاربردنی توندوتیژی له دژی ئافرەتان. هەر به پێی لێکۆڵینەوەکانی زانکۆی هارڤارد، 60% ی ژنانی وڵاتانی تازەگەشەکردو له ناو ماڵەکانیاندا و له لایەن باوک یان برا یان مێردەکانیانەوه، ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوه.

میسر: (35%)ــی ژنانی میسر بەر له هاوسەرگیری دوچاری توندوتیژی و لێدان هاتوون و دوای هاوسەرگیریش ئەو ڕێژەیه بۆ 69.1% بەرز بووەتەوه و هیچکاتیش حاڵەتی بارداری ئافرەتان له ڕێژەی توندوتیژی پیاوانی کەم نەکردوەتەوه.

میسر: (69.1)ی پیاوانی میسر کاتێک که کردار یان گوفتارێکی ژنەکانیان به دڵ نەبێت پەنا بۆ لێدان دەبەن. ئەم ڕێژەیه له شارەکان کەمتر و له گوندەکان زیاتر دەبێت.

غینیا: (20% تا 50%)ی ژنانی غینیا پاش هەڵسوکەوتی خراپ و توندوتیژی مێردەکانیان پێویستییان به چارەسەری دەرونی هەیه.

ویلایەته یەکگرتووەکانی ئەمریکا: 22% تا 35% ی ژنانی ئەمریکا له ئەنجامی توندوتیژی خێزانییەوه پێویستییان به چارەسەری دەرونی هەیه.

نێودەوڵەتی: به پێی لێکۆڵینەوه زانستییه ئەمریکییەکان، ئەو ژنانەی که ڕووبەڕووی لێدان و توندوتیژی بوونەتەوه ئەگەری پەنابردنه بەر خۆکوشتنیان پێنج بەرابەری ئەگەری ئەو ژنانەیه که ڕووبەڕووی توندوتیژی خێزانی نەبوونەتەوه.

نێودەوڵەتی: کچان ده بەرابەری کوڕان ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوه له قۆناغەکانی منداڵییاندا.

نێودەوڵەتی – زانستی: کاریگەرییەکانی توندوتیژی و مامەڵەی خراپ له ناو ژناندا درێژخایەنتر و زیاتره وەک له پیاوان.

فەڕەنسا: (5/1)ــی ژنانی فەڕەنسا له شوێنه گشتییەکاندا ڕووبەڕووی ئازاری جەستەیی یان زمانی دەبنەوه.



ئـــــەردەن: (28.6% تا 47.6%)ـــی ژنانی ئـــەردەن لـە لایـەن مێردەکانیانەوە لێیان دەدرێت.

تونس: لێدانی ژنــان لـە لایـەن مێردەکانیانەوە بـە مـەبـەستی ئاڕاستەکردنیان کارێکی بـاو و ئاسایە و 44.9% پیاوان و 30% ی ژنان ئەوە بە کارێکی ڕەوا دەزانن.

میسر: (3/1)ی ژنانی میسر بەر لـە هـاوسـەرگـیـری ڕووبـــەڕووی لـێدان بوونەتەوە.

ئـــــەردەن: (64.8%)ـــی ژنانی ئـــەردەن قوربانیی لێدان و توندوتیژین و جـەلادیـش بە پلەی یەکەم برا، پاشان مێرد و دواتر باوکیانە.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا: (30%)ـــی ژنـانـی ئـەمـەریکی لـە لایـەن مێردەکانیانەوە ئازاری جەستەیی دەدرێن.

فـەڕەنـسـا: 95% ـــی قـوربـانـیـانـی توندوتیژی فەڕەنسا ئافرەتن.

کەنەدا: (6%)ـی پیاوان توندوتیژانە مامەڵە لەگەڵ ژنەکانیاندا دەکەن.

هیند: (10/8)ـــی ژنـانـی هیندستان قوربانی دەستی توندوتیژین و ساڵانە زیاد لە 5.000 ژن لەو وڵاتەدا دەکوژرێن.

پیرۆ: (7%)ی تاوانە تۆمارکراوەکانی پیرۆ تاوانی توندوتیژی دژ بە ژنانن لە لایەن مێردەکانیانەوە.

ئـێـران: لـە نـیـوەی دووەمـــی ساڵی ڕابردوودا، (614.472) حاڵەتی هاوسەرگیری و (62.143) حاڵەتی جیابوونەوە بە ڕەسمی تۆمار کراون.

> **بەپێی لێکۆڵینەوە زانستییە ئەمریکییەکان، ئەو ژنانەی کە ڕووبەڕووی لێدان و توندوتیژی بوونەتەوە ئەگەری پەنابردنە بەر خۆکوشتنیان پێنج بەرابەری ئەگەری ئەو ژنانەیە کە ڕووبەڕووی توندوتیژی خێزانی نەبوونەتەوە**

ئێران: هەواڵەکانی تایبەت بە کاروباری ژنان لە بڵاوکراوەکاندا بە ڕێژەی (93%) زۆر بوون.

تـورکـیـا: گـوشـاری خـێـزانـە تـورکـە موسوڵمانەکان بۆ سەر کچەکانیان تاوەکو لەگەڵ ناموسوڵمانەکاندا هاوسەرگیری پێک نەهێنن و هاوکاتیش نابێت لە خوێندنگە تێکەڵەکاندا بخوێنن.

فەلەستین: بە پێی ئامارەکانی یونیسێف، 3/1ـی منداڵانی شیرەخۆرەی غەززە مەترسی مردنیان لە سەرە.

نـەتـەوە یـەکـگـرتـووەکـان: ڕێـژەی نـوێـنـەرایـەتـی ژنــان لـە پـەرلـەمـانـی وڵاتەکانیاندا، لە نزمترین ئاستدایە.

هـیـنـد: لـە هـەر (30) خولەکێکدا توندوتیژییەکی سێکسی و لـە هـەر 75 خولەکێکیشدا خوسوتاندنێک لە ناو ژناندا ڕوو دەدات.

تـورکـیـا: بـەرزبـوونـەوەی ڕێـژەی خۆکوشتنی کچانی تازە پێگەیشتووی تورک.

میسر: (75%)ی تاوانەکانی دژ بە ژنانی میسر لە کۆتاییەکانی هەفتەدا ڕوو دەدەن.

کوەیت: بۆ یەکەمجار لە مێژوویاندا، ئافرەتانی کوەیتی چوونە پەرلەمانەوە.

عـێـراق: (40%)ـــی قـوربـانـیـانـی تەقینەوەکانی وڵات منداڵن.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا: زیاد لە 40% ـی ژنانی ئەمریکا لە لایەن پیاوانەوە ڕووبەڕووی توندوتیژی سێکسی دەبنەوە.

چین: لە هەر 4 خولەکێکدا لە چین ژنێک دەمرێت.

ئێران: فەرهەنگسەرای کچان پێشنیاری ئەوەیان لە سەرۆک کۆمار کردوە، تا ڕۆژی لەدایکبوونی حەزرەتی مەعسومە بکرێتە ڕۆژی کچان.

ئێران: دیسپلینکردن و سانسۆرخستنە سەر مۆدێلاتی جل و بەرگی ژنانە.

ئەفغانستان: (7%)ـــی خوێندەوارانی ئەفغانستان ژنن.

ئێران: تەنیا لە تاران ڕۆژانە 42 حاڵەتی جیابوونەوە ڕوو دەدات.

ئێران: 175 پەرلەمانتار لە نامەیەکیاندا بۆ سەرۆک کۆمار داوای دروستکردنی پارک و باخچە و یاریگای تایبەت بە ژنانیان کردوە.

بەریتانیا: لە ئەنجامی بەرزبوونەوەی ڕێژەی جیابوونەوەوە، حکومەت بڕیاری دامەزراندنی ناوەندێکی بۆ بەرگرتن لە زۆرتربوونی جیابوونەوە دەرکرد.

ڤـێـتـنـام: بـەرزبـوونـەوەی ڕێـژەی بازرگانیکردن بە ژنانەوە.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا: ژنان کەمتر لە پیاوان سود لە ئەنتەرنێت وەردەگرن.

مالیزیا: ئامارەکان باس لە مەترسی بـەرزبـوونـەوەی ڕێـژەی حاڵەتەکانی جیابوونەوە دەکەن.

ئێران: ژمـارەی ئـەو ژنانەی کە وەک سەرخێزان ناونوس کراون، سێ بەرابەر بەرز بووەتەوە.

سویسرا: (52%)ـــی خوێندکارانی زانکۆکانی ئەو وڵاتە مێینەن.

ئێران: تەنیا (8%)ـی منداڵانی ئێران

دەچنە باخچەی ساوایانەوە.

بەریتانیا: بەرزبوونەوە ئاستی توندوتیژییە نەژادپەرستییەکان بەرامبەر بە ژنان.

کوەیت: بۆ یەکەمین جار مەراسیمێکی ڕێزلێنان لە ژنانی کوەیتی ڕێکخرا.

ئێران: (60%)ی کارمەندانی ڕێکخراوی مانگی سوری ئێرانی ئافرەتن.

ئێران: سەرکەوتنی چەند ژنێکی ئێرانی بە سەر بەرزترین لوتکە چیای دونیا (ئەڤەرێست) دا.

هیند: بەرزبوونەوەی چاوەڕواننەکراوی ڕێژەی جیابوونەوەی هاوسەران.

ئەندونیسیا: هەر پیاوێکی بیانی بیەوێت لەگەڵ کچێکی ئەندەنوسیدا هاوسەرگیری بکات، پێویستە بڕی 50.000 دۆلار بدات.

بەریتانیا: (3/2)ی کچانی بەریتانیا توندوتیژانە هەڵسوکەوت دەکەن.

ئێران: کەمتر لە (4%)ی ژنان مارەییان وەردەگرن.

ئێران: (11%)ی منداڵانی سەر شەقامەکانی تاران کچن.

ئەفغتنستان: بۆ یەکەمجار مزگەوتێکی تایبەت بە ژناز کرایەوە.

ئیتاڵیا: ڕێکخراوی ئاماری حکومەتی ئیتاڵیا ڕایگەیاند کە لە بەر بارداربوون نزیکەی 1.000.000 ژنی ئیتاڵی لە سەر کارەکانیان دەرکراون.

ئیتاڵیا: 3/1 ی پیاوانی ئیتاڵیا سەگەکانیان لە ژنەکانیان پێ باشترە.

نێودەوڵەتی: ساڵانە (2.000.000) کچی (5 تا 15) ساڵان لە دونیادا دەفرۆشرێن.

بەریتانیا: 25/1 ی منداڵانی بەریتانیا بەرئەنجامی پەیوەندی سێکسیی دەرەوەی خێزانن.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا: نزیکەی (40%)ی قوربانیانی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە لە خوارەوی تەمەنی 18 ساڵییەوەن و زۆرینەی ئەوانەش کچن.

نیپاڵ: توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەتانی ئەو وڵاتە لە زیادبوونی بەردەوامدایە.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا: ساڵانە (17.500) ژن و منداڵ بە قاچاخی و بۆ بازرگانی پێوەکردن دەبرێنە ناو ئەمریکا.

نێودەوڵەتی: لە هەر خولەکێکدا منداڵێک لە بەر نەخۆشی ئایدز گیان لە دەست دەدات.

عێراق: 35% ی نوێنەرانی مەجلیسی شورای ئیسلامی عێراق، ئافرەتن.

ئەفغانستان: ساڵانە لە بەر کێشە خێزانییەکان، زیاد لە 100 ئافرەتی ئەفغان خۆیان دەسوتێنن.

جامایکا: ژنان زۆربەی هێزی کاری ئەو وڵاتە پێک دەهێنن.

ئیسپانیا: 4/1 ی ئەو ژنانەی کە دەکوژرێن، لە لایەن مێردەکانیانەوە کوژراون.

نێودەوڵەتی: ساڵانە (15.000.000) حاڵەتی لەناوبردنی کۆرپەلە لە جیهان ڕوو دەدات.

ئیتالیا: 3/1 ی وەزیرەکانی کابینەی نوێ ئافرەتن.

عێراق: دەستدرێژیکردنە سەر کچان و ژنانی عێراقی بە ڕێژەی (50%) زیادی کردوە.

ئیسپانیا: زۆربوونی بۆنەی قاچاخیکردن بە ژنانەوە لەو وڵاتەدا.

نێودەوڵەتی: بەردەوامیی تەشەنەسەندنی نەخۆشی ئایدز.

عێراق: بەردەوامیی بارودۆخی نالەباری ژنانی عێراق.

میسر: 50% ی ژنانی میسر نەخوێندەوارن.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا: (74%)ی ژنانی کوژراوی ئەمریکا، بە دەستی مێردەکانیان و لە بەر جیابوونەوە یان داوای جیابوونەوە، کوژراون.

فەرەنسا: 14.000 ژنی فەڕەنسی لە بەر ناچاری کاری لەشفرۆشی دەکەن.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا: ساڵانە 7.000.000 کچ و ژن لە ناوخۆی ئەمریکادا بازرگانییان پێوە دەکرێت.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا: هەوڵدان بۆ فێرکردنی هاوڕەگەزبازی لە قوتابخانەکاندا وەک وانەیەک لە وانەکان.



سەرچاوەکان:

1- مرکز مدیریت حوزەهای علمیە خواهران (ئێران)
www.whc.ir

2 -الحوار المتمدن
www.ahewar.org

3 -سازمان زنان ایران
www.iranwomen.org

4- دەستەی ئامار و خزمەتگوزارگوزارییە کۆمپیوتەرییەکانی پزیشکی دادوەری (ئێران)

5- ڕێکخراوی تەندروستی وڵات (ئێران)